# بۆ هەرزالمێ زهەواڵێ ئەحمەد دەشتی

رۆژگاران هاتن و گەلی کورد لە چنگی سەدامی مرۆ کوژ سالهای سالی بەماڵ وێرانی و نەبوونی ئازادی و ژیانێکی پڕ لە کوشتن و مەترسی بردەسەر، ئەو تاونبارە سەدامە ماوەی سی ساڵ زیاتر هەر کوردی کوشت و هەرچیەکی کە لە دەستی هات بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد ئەوا لێی نەپەنگانەوە و ئەنجامی و بەبێ ڕەچاو کردنی یاسای ژیانی مرۆڤایەتی و بڕیارەکانی نێو دەولەتی و هەستی پاکی مرۆڤایەتی کەوتە گیانی کوردو کوردستان و بە داپلۆسین و گرتن و زەبرو زەنگ و لە سێ دارە دان بە کۆمەڵ کوژی و بە کیمیا و بە ئەنفالیان هەزاران هەزار کوردیان لە ناو برد و زۆر نامەردانە بڕیاری جینۆ سایدی گەلی کوردیان داو لە بە ر چاوی جیهانیان هەتا



بۆیان لوا ئەوا کوردیان کوشت و لە ناویان بردو هەلەبجەیان بە گازی خەردەڵ و سارین کیمیا باران کردو پێنج هەزار مرۆڤی بێ تاوانی کوردیان تەنیا لە بەر ئەوەی کە کورد بوون شەهید کرد و لە نایان بردن و سەدان هەزاری تریان بە ئەنفالەکانیان لە خەلکی کورد ون و وێل کردو بە سەدان هەزاریان ئاوارەو دەربە دەر کردو هەشت هەزار بارزانیان بە جارێک لە ناو بردو شەهیدیان کردن ، ئەو

هەموو کوردە فەیلیانەیان لە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان دا ئاوەرەو دەر بەدەر کرد و چوارسەد گوند و شارۆچکەیٚ کوردیان بە خاک یەکسان کردو بە هەزاران تەن باروتیان بە سەر خاکی کوردستان دادا ، ئاوی کانی و ڕوبارانیان لە کوردستان دا خنکاند و سیمان کاریان کرد ، ڕەز و باغ و هەرچی دارو باری کوردستان  بوو لە ڕەگ و ڕیشەیان دەر هێنا و بەهەزاران هێکتار زەویان لە کورد زەوت کردو هەر لە سنجار تا خانەقین خاکی کوردستانیان تەعریب کرد و شاری دڵی کوردستانیان لە ناوچەی کوردستان جیا کردەوەو خەلکە کەیان وەک هەموو ناوچە تەعریب کراوەکان دەر کردو عەرەبی ئاورەیان لە باشوری عێراقەوە هێنا سەر مال و ملکی کوردو تەعریبیان کرد ، ئەوەندەیان زوڵم و زۆرداری لە گەلی کوردو خەلکی عێراق کرد کە لە مێژووی جیهان دا زۆر بیٚ وێنەیە ، سەدامی تاوانبار بۆ لە ناو بردنی یەکجاری گەلی کورد کڕنوشی بۆ شای ئێرانیش بردو لە ئازاری 1975 دا لەپشەوەڕا خەنجەرێکی ژەهراویان لە شۆڕشی ئەیلولی مەزنی کورد داو بە سەدان هەزار کوردیان ئاوارەی ئێران و هەندەران کرد ، بە خەیالی خاویان کەبەو کردەوە دڕندانەیان دکارن کە کورد لە ناو بەرن و ئەو هەموو زوڵم و زۆرداررییەیان بەسەر خەلکی کورد دا سەپاندو هەموومان دیمان لەو ڕۆژگارانە چیان وەسەر کوردستان هێنا کە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا کەم وێنەیە و ناوی ئە دکتاتۆرە ملیهوڕ دڕندەیە وەک هەموو مرۆکوژان و دکتاتۆرەکانی سەر زەوی هەرگیز ون نابێت وتێکی ڕاستیشە کەبۆ هەموو **دکتاتورو زالمیک زەولێکی هەیە** و و  دیشمان کە دوای ئەو هەموو زوڵم و زۆر داریەی ئەو دکتاتۆرە زلمە  سەدام بە چی گەیشت و ئاکامەکەی جنایەتەکانی خۆی چی وەسەرهات و  بە چە شێویەکەوە لە قۆرتێکی چەند سانتیمەترێیش دا جێگەی نەبۆوە و نەی توانی  کە خۆی بپارێزیٚ و دیمان کە چەند شەرماوەرانە ڕیسواو دەستگیر کرا و خرایە ناو زیندانی ڕەشەوەو  ئێستاش هەروا

چاوڕوانی مەرگ دەکات و هەموو سات و کاتێکیشی لەمردن کەمتر نیە.
ئەوەی کە جێگە داخ و داوای خەلکی کوردی ستەم لێ کراوو ستەم دیدەیە لە گەل تەوای خەلکی عێراق نەهاتوتە دی کە ئەویش ئەوەیە ئەوا سالێک بە سەر گرتنی ئەو جنایەتکارە تێ دەپەڕێ بەلام هیشتان هەر سەدام و دارو دەستەکەی دادگایی نەکراون و کە ئێستاش ترۆریستان و دارو دەستەکەی سەدام دڵ بە مانەوەی سەدام لە بەدیخانەش خۆش دەکەن و خەونی گەڕانەوەیان پێوە دەبینن ، ئەو تاونبارانەی کە رۆژ نیە خەلکی بێ تاوان سەر نەبڕن و ئەو هەموو کارەسات و نائارامی و نالەباریەیان بە سەر تەواوی عێراق دا هێناوەو هێشتان نفاق و مرۆ کوژییان واز لێ نەهێناوەو هەر خەریکی جنایەتەکانیانن و لە گەڵ ئەوەش دا سەدامی تاوانبار و دارو دەستەکەی تا ئەمڕۆ دادگایی نەکراون و ئاوات و هیوای گەلی کورد وخەلکی عێراق نەهاتوتە دی کە ببینن وا زۆردارو تاونبارە زلەکەی عێراق و دارو دەستەکەی وەک عەلی کیمیایی و ڕەمەزان و ئەوانی تر بڕیاری تۆلەیان بەسەر دا بسەپێ و بە تەواوی بە ئاکامی کارو کردەوەکانی خۆیان بگەن و هەموو تاونباران و دارو دەستەکانیان ئیتر بێ هیوا بکەن و دڵی هەزاران هەزار کە س و کاران و دایکی شەهیدان ئارام بکەن و سەدام و دارو دەستەکەی لە دادگادا مەرگیان بەسەر دابسەپێنن و هەمویان ببن بە پەند بۆ ئەوانەی کە ئێستاش بە خەیالی هاتنەوەی ئەو مرۆ کوژانە خەون دەبین،هەتا زوتریش دادگایی بکرێن ئەوا بەسودی تەواوی خەلکی عێراق و کوردە.

2004.12.14